# بەشی سێیەم

# بەشی سێیەم

## أ

# شانۆی کوردی لە نێوان دەقی خۆماڵی و بیانیدا

## شانۆی کوردی لە نێوان دەقی خومالی و بیانیدا

**١- دەقی خومالّی و بیانی**
**٢- پراکتیزەکردنی شانونامەکانی ئەحمەد سالار**
**أ- دەقی خومالی**
**ب- دەقی بیانی**

**یەکەم: دەقی خۆمالّی:**

لێرەدا مەبەستمان لەو دەقەیە کە پەیڕەوی زمانی ئەو میللەتە دەکات کە بۆی دەنوسرێت. سەرەڕای ئەمەش لە چنینی ڕوداوەکاندا هەر هەمان مەبەست واتە کێشەکانی ئەوان پێش چاو دەخات، ئەمەش بە ڕێگای هەڵبژاردنی ئەو وێنە کەسایەتیانە دەبێت کە حیکایەتەکەی بۆ نوسراوە، گومانیش لەوەدا نییە ئەمانە هەمووی نابێت دور بێت لە هەڵبژاردنی جل و بەرگی خومالّی ئەو میللەتە، چونکە لێرەدا هەر ترازانێک لەم جلوبەرگانەدا دەبێتە مایەی دورکەوتنەوە لە بنچینەی دەقەکەدا، دیسانەوە شوێنی ڕوداوەکان و کەسایەتیەکانیش دەبێت هەر هەمان بابەت بن کە دەقەکەی بوی نوسراوە. بە شێوەیەکی گشتی دەقی خومالّی بەسەر دوو قوناغدا دابەش دەبێت:

**قۆناغی یەکەم: «قۆناغی درامای ڕاگوزاری، یا قۆناغی نیمچە دراما کردە میللیە نیمچە درامیەکان یا کردەی لە دراما چوو.**

**قۆناغی دووەم: بەرەو پەیدابوونی یەکەم دەقی درامای هونەری کوردی»** (١).

مەبەست لە قۆناغی یەکەم ئەوەیە کە لەگەڵ پەیدابوونی مروڤدا و کردەوەی مرۆڤ کە زوربەی دەکەوێتە ململانێی نێوان مرۆڤ و سروشت، هەروەها مرۆڤ و خودی مرۆڤ لە پێناو مانەوەی ژیاندا ئەمەش لە قۆناغی یەکەمی پەیدابوونی مرۆڤەوە بوە پاشان لە نێوان مرۆڤ و ئاین و بەرەو پەیدابوونی هزری ئایدولوژیا، ئەم کارانە گەشەیان کرد بە شێوەیەکی گشتی و لای میللەتی کورد بەرجەستە بووە لە شێوەی ئاهەنگسازی و کردە مێژوویەکان و شەڕە ناودارەکانی کورد. مێژووی کورد شایەتی سەدەها کردەوەی لەم جورەیە، کە سیما و خەسڵەتی

١- یاسین ڕەشید حەسەن، ناوەرۆک و تەکنیکی درامای کوردی، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، کولیژی زمان، ٢٠٠٤، ل٥.

درامی زۆر بە ئاشکەرایی لێ دەردەکەوێت، وەک جەژنی نەورۆز کە باشترین بەڵگەیە بۆ بوونی دراما لە چوارچێوەی کردە میللیە نیمچە درامیەکاندا دەرنەچووە، تا پەیدابوو سەردەمێکی تازە کە ڕێبازی نووسینی شانوگەریان بە خوەوە گرتووە «ئەم واقیعە نوێ یەی دەوڵەتی عوسمانی ئەو دۆخەی خولقاند کو کوردیش ئەو چالاکیانە بنوێنێ» [1] زیاتر بەرهەمەکانی ئەم قۆناغە «لە قۆناغێکی بەرەو پێشتری شارستانییەتدا ئەم چالاکیانە پەرەی سەندووە و هونەری درامای فۆلکلۆری جۆرە سەربەخوییەکی وەرگرتووە و بوو بە بەشێک لە فۆلکلۆر، چونکە دەقەکان کەسانێک دایناون کەونن» [2] کە ئەم هەموو چالاکیانە دەکەونە قالبی درامای ناهونەریەوە، بەڵگە بۆ ئەم قسانە و سەلماندنی بوونی هونەری «هەندێ جاریش لە بۆنەکاندا کەسێک، یان چەند کەسێک، هەر بەسەر پێی چالاکیەکی درامییان نواندووە وەک ئەوانەی لە کاتی شەو چەرە و ئێشکگرتنی کاتی منداڵ بوون» [3] زۆر چالاکی تر تاکو ئێستا ماون وەکو یارییە میللیەکان، کە مەرجی هونەرییان کەم تیا بەدی دەکرێت، «ئەگەر چی ڕێ خوشکەرەیەک بوون بۆ بزووتنی شانۆگەری تێکڕایی» [4] گەر گرنگی بەم لایەنە نەدەین مەبەست دەقی خۆمالییە «ئێمەی کورد چۆن دەتوانین ببین بە خاوەن شانۆیەک کە توێشەبەری بە ڕێکەوتنی پەیامی گەلەکەمان بێ، کێشەی گەورە لە ئەستۆ بێ، ئەگەر دەقی شانۆیی کوردیمان نەبێ» [5] شانۆی ڕەسەنی کوردی دروست نابێ ئەگەر مورکێکی خومالّی پێوە دیار نەبێت هەر بویە شانوی کوردی ڕەسەن شانوی هونەری و بیانی لە خۆی دەگرێت هەر لەم ڕووەوە شانوی کوردی و دەقەکانی بەم شێوە دابەش کراون:

١- دەقی خومالّی نووسراو.
٢- دەقی ئامادەکراو لە زمانی عەرەبییەوە.
٣- دەقی ئامادەکراو لە زمانی جیهانییەوە. [6]

شایەنی ئاماژە پێکردنە ئەو دەقانەی کە بۆ شانۆی کوردی دابینکراون سوودیان لە دەقی

---

١- سەلام فرج، گەشەسەندنی درامای کوردی لە عیراق دا، ل٤٠.
٢- هەمان سەرچاوە، ل ٣٧.
٣- هەمان سەرچاوە، ل ٣٧.
٤- حەمە کەریم هەورامی، درامای کوردی لەناو درامای جیهاندا، دەزگای ئاراس چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠١، ل٢٩٤.
٥- دانا عەلی سەعید، هونەری نووسینی دراما و دەقی شانۆی خۆمالی، دەزگای چاپ و بەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل٨.
٦- عواد علي، المسرح الكردي، استذكار مشهد، جريدة الزمان، العدد ١٥٨٣، ٢٠٠٠.

ئامادەکراو وەرگرتووە کە سەرچاوەیان لە کەلەپورەوە هەڵدەقوڵێت، سەرەڕای خوبەستنەوە بەو دەقانەی کە فولکلورین و خاوەنیان دیار نییە، گەر بەراوردیەک بکەین لەگەڵ پەیدابوونی یەکەم دەقی خۆماڵی شانۆیی کوردی پێشکەوتنێکی باشی بە خوە بینیوە، ئەم گوڕانکاریانە لە سالانی ۱۹۱۹وە تا ئەمرۆ هاتوونەتەوە کایەوە گەر چاوێک بە شانۆی کوردی دا بگێڕین دەبینین لە ڕووی دقی خۆماڵی و ناسنامەی شانۆی کوردی پێشکەوتنێکی باش بە خۆوە بینیوە لە قۆناغێکی سادە بۆ تەکنیکێکی باشتر روویشتوە، لە ساڵی ۱۹۱۹ وەکو دەقی خۆمالی و پێشتریش شانۆی کوردی هەبووە هەروەکو ئەحمەد قەرەنی دەڵێت: «هەڤالێن د تیمێن شانۆیێن کوردی دا کارکرینە ل باژارێن سۆڤییێستانا جاران دبێژن کو شانۆیا کوردی پشتی شورەشا ئوکتوبەرێ سەرهلدایە ل سەر بنامەیەکی رەسەن گولڤەدان و پەرەسەندن کرییە» (۱) دیسانەوە شتێکی شاراوە نییە لەسەرچاوەی ئەزموونی هەموو میللەتەکان هەر فولکلور بوە، بۆیە بە ڕاستی دەزانم کە ئەو کردارە درامیانەی پێش ساڵی ۱۹۱۹ لە سلێمانی کراون بیکەین بە بەڵگەی سەر ئامادەی ئەم پێشانگە، ئەمەش ئەو نمایشنامانەیە کە لە قوتابخانەی زانستی لە سلێمانیدا پێشکەش کراوە. لێرەدا تێبینی دوو ڕاستی دەکەین هەروەک فەرهاد پیربالّ بۆی چووە: «پیشاندانی شانۆیی و بلاوکردنەوەی تێکستی شانۆیی. جگە لە هەموو ئەو شانۆ میلییانەش کە نەنووسراونەتەوە» (۲) کەواتە پشت بەستن بەم ڕایە دڵنیامان دەکات کە دەقی خۆماڵیمان هەبووە* دەقە خۆماڵیەکان دوابەدوای ئەم دەقە لە ساڵی (۱۹۲۱- ۱۹۲٦) لە شاری سلێمانی و هەولێر ئەم شانۆگەریانە پێشکێش کراون:

---

١- ئەحمەد قەرەنی، شانۆیا کوردی دناڤبەرا سەرەتاییێن تاریک و ئاسۆییێن رۆناکدا، گوڤاری رامان، ژمارە (۲۲) سالی ۱۹۹۸، ل ۱۲.

۲- د. فەرهاد پیربال، مێژووی شانۆ لە ئەدەبیاتی کوردیدا لە کۆنەوە تا ۱۹۷٥، دەزگای ئاراس، هەولێر، ۲۰۰۱، ل ۱۷.

* ڕاستە (لە سالی ۱۹۰٥دا، بە گەواهی مامۆستا محەمەد تەیموور شانۆگەرییەکی شێوە رۆژئاوایی، بەناونیشانی (میری دیل) لە هەولێر پێشکێش کراوە)، بەڵام ئەمە ناکرێت بلێین ئەمە شانۆی ڕەسەن یان خوماڵی کوردی یە، چونکە نە زمانەکە و نە بابەتەکە دیار نین، بێجگە لەوەی صباح هرمز دەڵێت: (یەکەمین نمایشی شانۆیی کوردی، لە شاری سلێمانی پێشکەش نەکراوە، بەڵکو لە شاری هەولێر لە ساڵی ۱۹۰٥ پێشکەش کراوە، ئەویش دەقی شانۆیی (الأمیر الأسیر) بوو، کە نووسەری (نعوم فتح الله سحار) بوو. لەم قسانە دەرناکەوێت کەوا ئەو ئەم شانۆگەریە وەرگێراوەتە سەر زمانی کوردی بەزمانی کوردی پێش کێش کرا یان نەء؟ بویە ئەم ڕایە ناپەسەندە، چونکە بە پێی بەلگەکانی صباح هورمز لاوازن و ئاشکرانین.

بێگومان (هەرە کۆنترین بەرهەمی تاقی کراوە نیشاندانێکی خۆمالی شانۆی کوردی «مکتب»ەکان لە کوردستانی عیراقدا لەلایەن ئێمەوە دوزراوەتەوەو بلاوکراوەتەوە کە «لیژنەی فەنی تەمسیلی قوتابخانەی یەکەمی هەولێر لە پاییزی سالی ۱۹۲۱ پێش کەش کردووە)، منیش لەگەڵ ئەو رایەدام کەوا شانۆی کوردیمان هەبووە و بوونی کۆنە، بەڵام بونی دەق دەبێ مامله لەگەل هی نووسراو بکرێت کە ئەویش تا ئێستا هی عەبدولرەحیم رەحمی هەکاری (مەمێ ئالانە). **بۆ زیاتر پێزانین بڕوانە:** (صباح هرمز، المسرح الکوردی فی ثلاثه عقود، ص١٥٦) و (محمد بکر تیمور، دەربارەی دراما و رەخنە، گوڤاری کاروان، ژمارە (٤١) ١٩٨٦، ل ٦٧).

١- ئینسان چی بچێنی ئەوە ئەدورێتەوە ١٩٣٠
٢- دایکێکی جاهل ١٩٣٠
٣- سەربازی ئازا ١٩٣٥
٤- مەم و زین ١٩٣٥
٥- شیرین و خەسرەو ١٩٣٥
٦- شەریف هەمەوەند ١٩٣٦
٧- مەحمود ئاغای شیوەکەل پیرەمێرد لە ساڵی ١٩٤٣ چاپ کرا. هتد.........[(١)].

ئەمانە وەکو ڕێژەیەک بۆ شانۆی کوردی کارێکی باشە چی لە کەلەپوورە وەرگیرا بێت، یان خوماڵی بن، ڕەنگە ئەمەش زیاتر لە ژێر کاریگەری باری سیاسی ئەو وڵاتانەدا بوو کەوا کوردی تیا دەژین، بە تایبەتی کوردی عیراق.

ئەوەی جێگای دڵخۆشییە دەقە خوماڵیەکانی شانۆی کوردی لەگەڵ واقعی کوردا ڕەنگی داوەتەوە بۆیە «دەبینن چەندین دەقی شانۆیی هەن کە تەوەری سەرەکی ڕووداوی ناو دەقەکە باس کردنە لە شۆڕشی گەلی کوردستان و ئێش و ئازاری میللەتی کورد» [(٢)]، بۆ ئەوەی بسەلمێنێ کەوا شانۆی کوردی لە پێش ساڵی ١٩٣٠ هەبووە هەروەک فەرهاد پیرباڵ ڕوونی کردووتەوە: «نەشونمای شانۆی کوردی لە کوردستانی عیراقدا لەسەردەمی ئینگلیزەکان و ڕاپەرینەکانی شێخ مەحموددا ١٩٢٠-١٩٣٠ لە سێ کەناڵەوە دەردەکەوێت:

**١- کەنالی یەکەم:** بریتی بوو لە چالاکییە شانۆییەکانی قوتابخانەکان.

**٢- کەنالی دووەم:** کە ئەویش هەر لە کەناڵی یەکەمەوە دروست بوو. بریتی بوو لە دامزراندنی یەکەمین تیپە شانۆییەکان.

**٣- کەناڵی سێیەم:** ناساندنی ئەم هونەرە بە جەماوەر، واتە دروستکردنی ڕەخنەی شانۆیی و ڕۆشنبیرییەکی شانۆی لەلایەن ڕۆژنامەنووسان و ڕۆشنبیرانەوە» [(٣)].

ئەو شانۆگەریانەی کە لەو سێ کەناڵانەوە هاتوونەتە پێش بەشی هەرە گەورەی ئەو

---

١- ڕێزان ساڵح مەولود، سەرەتایەک بۆ نووسینەوەی مێژووی درامای کوردی، گۆڤاری سینەما و شانۆ/ ژمارە(٩) سالی ٢٠٠١، ل٨٠.

٢- شورەش محەمەد حوسین، وەهمی شانۆی کوردی، گۆڤاری سینەما و شانۆ، ژمارە (٩) سالی ٢٠٠١، ل٤١.

٣- د. فەرهاد پیربال، شانۆی کوردی لە کوردستانی عیراقدا لە سالانی ١٩٢٠-١٩٣٠دا. گۆڤاری سینەما و شانۆ، ژ (١٠) سالی ٢٠٠١، ل٤.

بەرهەمانە گەر نەڵێین هەموویان دەقی خۆماڵی کوردین بە واتای دەقی ئامادەکراون لە کەلەپوورەوە، یاخود دەقە خۆماڵییەکانن کە بیروکەیان لەناو جەرگەی کومەڵگای کوردەواریەوە سەری هەڵداوە هەروەکو زوربەی نوسەرانی ئاماژەیان پێکردووە. بە تایبەتی ئەوانەی مەرەمیان لە ئەرشیفکردنی شانۆی کوردی بووە و نموونەی ئەو (شانۆگەرییە «دایک. نوسینی شێخ نووری شێخ ساڵح») [1] و لەلایەن قوتابیانی قوتابخانەی کچانی سلێمانی پێشکەش کراو. بە پێ ی ڕەوتی پێشکەوتنی شانۆی کوردی هەنگاوەکان بەرەو هەوراز دەڕون و دەتوانین چەندین ناوی وەک «ئەحمەد سالار و عومەر عەلی ئەمین و تەها خەلیل و کاوەی ئەحمەد میرزا و حەمە رەشید هەرەس و تەها بابان و تەلعەت سامان و سەعدون یونس و موحسین محەمەد و حەیدەر عەبدولرەحمان... هتد بێنین» [2] کە «دەکرێت هەموو ئەم ناوانە و چەندێتی تریش وەک بنەمای سەرەکی پرۆسەی شانۆیی ناوبەرین، چونکە بمانەوێت یان نا، ئەو کەسانە وایان کردوە کە ئەمرۆ پانتاییەکی فراوان بۆ عەشقی شانۆو نواندن بخولقێنن» [3].

تێکڕایی ئەو بەرهەمانەی ئاماژەمان بۆ کرد بوونەتە ئەگەری پەیدابوونی دەقی خۆماڵی و دوا بە دوا و بونەتە هۆی پەیدابوونی شانویەکی ڕەسەن و هاوچەرخی کوردی وەک شانۆیەکی تەواو، کە هەموو توخمە درامیەکان لە سەروی هەموانیش دەق و پەیدابوونی دەقی خۆماڵیە هەر بویە ناکرێت بڵێین ئێمە خاوەنی شانویەکی رەسەنین ئەگەر شانۆی ئەو میللەتە لە قۆناغی پێشکەوتوو نەبێت ئەم بەرهەمانە پشت بە نووسەری سەرکەوتوو دەبەستێت، کە بە شێوەیەکی هونەری بەرهەمەکەی پێشکەش دەکات و دەبێتە مایەی سەرکەوتنی بەرهەمەکە و دەوڵەمەندی شانۆی کوردی «کێ هەیە لە ئێمە خۆشەویستی بۆ خەج و سیامەند و رەجەب و پیاو خۆران و قەرەچ و سەلەی نانکەرو هەبو نەبوو، ئومەر چاوچنۆک و نالی و خەونێکی ئەرخەوانی و گوڵە مێخە» نەبێت، نابێت ئەم گەنجانەی کە ئەمرۆ لە فەزای هونەریدا

١- د. فەرهاد پیربال، شانۆی کوردی لە کوردستانی عیراقدا لە ساڵانی ١٩٢٠-١٩٣٠دا. گوڤاری سینەما و شانۆ، ژ (١٠) سالی ٢٠٠١، ل٥.

٢- عەتا عەبدوڵڵا سەعید، بزاڤی شانۆیی کوردی و ئەگەرە جیاوازەکان، گوڤاری سینەما و شانۆ، ژمارە (١٠) سالی ٢٠٠١، ل٩.

٣- هەمان سەرچاوە، ل ٩.

ئامادەییان هەیە خەتی ڕاست و چەپ بەسەر هەموو ئەو هەولانەدا بێنن»[1].

ئەگەر ئاور لە شانۆی کوردی بدەینەوە بە درێژایی سەرهەلدانی مێژووی شانۆی کوردی کەرەستەیەکی یەکجار دەولەمەندمان هەیە*

ئەوەی جێگەی سەرنجە (د سەلام فەرەج) بە شێوەیەکی سەرپێیی باس لە بزاڤی شانۆی دەڤەری دهوک قسەی کردووە و دەبێت ئەوە بلێیم، کە ژمارەی شانوگەریەکانی ئەم دەڤەرە لە سالی ١٩٧٠-١٩٩٠ نزیکەی (٦٩) شانۆگەرین، کە بەشی هەرە زوریان دەقی خومالین و خویان لە (٥٠) دەق دەدەن و ئەوانی تر کە (١٩) دەقن، بیانین.

## دەقی شانۆیی بیانی لە ناو شانۆیی کوردیدا

ئەگەر جاران شانوی کوردی لە ژێر کاریگەری شانوی عەرەبی و تورکی دا بو بێ ئەمرۆ دەبینین کاریگەری شانوی جیهانی بە رێگای وەرگێڕانەوە کاری لە شانۆی کوردی کردووە بە تایبەتی کەسێکی وەک (پیرەمێرد) کە ماوەیەکی زور لە شاری (ئەستەمبول) ژیاوە و کاریگەریەکی ئەدەبی و شانۆیی ئەوروپی باش پێوە دیاربوو، کە گەرایەوە کوردستان ئەو کاریگەریە لێ دیار بووە و دەستی بە وەرگێرانی ئەدەبیاتی جیهانی کرد و بە تایبەتی دەقە بیانیەکان ئەمەش وەرچەرخانێک بووە بۆ دوزینەوەی نووسینی دەقی شانۆیی و «ئەو وەرگێرانانە بەهایەکی گرنگی هەیە، چونکە ئەو ئەدەبەیان بە کورد ئاشناتر کردووە و کاریشیان کردۆتە سەر ڕەوتی گەشەسەندنی دراما»[2] نابێ ئەوەش فەراموش بکەین کەوا شانۆی کوردی شان بە شانی گەشەسەندنی بیری نەتەوایەتی کورد هاتووەو لە هەر قۆناغێکدا خۆی نواندنووە لە مەینەتەکانی مللەتی کورد دور نەبوە، بۆیە ناکرێت ئەوە فەرامۆش بکرێت

---

١- عەتا عەبدوللا سەعید، بزاڤی شانۆیی کوردی و ئەگەر جیاوازەکان، گوڤاری سینەما و شانۆ، ژمارە (١٠) سالی ٢٠٠١، ل٩.

* ئەوەی تێبینی دەکرێ د. سەلام فەرەج پتر گرنگی بە شانوگەری خواروو داوە (د. نافع عەقراوی)، هەر بۆیە لە کرمانجی ژوروو بە تایبەتی لە دهۆک لە سالانی ١٩٧٠-١٩٩٠ وە نزیکەی (٦٩) شانوگەری پێشکەشکراوە کە (٥٠) شانوگەری دەقی خومالی و (١٩) شانوگەری دەقی بیانی بووە و زیاتر لە (٧٠) شانوگەری لە نێوان سالی ١٩٩٠-٢٠٠٠ شانوگەری پێشکەشکراون سەرەڕای لە ٢٠٠٠-٢٠٠٦ (٦١) شانوگەری پێشکەشکراون کە ئەمەش دابەشکراون لەسەر دەقی خومالی و بیانی. بڕوانە: رفعەت رەجەب، ژ بزاڤا شانویێ ل دهوکێ، روژنامەیا ئەڤرۆ ژمارە (٧٧)، سالی ٢٠٠٥.

٢- سەلام فەرەج کەریم، گەشەسەندنی درامای کوردی لە عێراقدا ، ١٩٧٥-١٩٩٥، ل٤٥.

کەوا هونەری شانۆ لە بوشاییەوە نەهاتووە بەڵکو لە ژێر کاریگەری باری میللەتی کورد بووە، کە تێدا ژیاوە هاتووە و بۆ وشیاری بیری مرۆڤی کوردە کە بینەر خولّقاوە، ئەم هۆنەرە هەر لە کۆنە تا ئێستا ڕێکەوتووە، قۆناغی بەرەو دەقی بیانی زیاتر لە پەنجاکان بەرەو ژورتر وەکو شانوگەری پەیدا بووە، نموونەمان شانۆگەری (کلۆلآن - البؤساء)ی فیکتۆر هۆگۆیە، کە لە سلێمانی پێشکەشکراو.

هەر لەم قوناغەدا ئەگەر سەیری مێژووی شانۆی کوردی بکەین لەگەل وشیاری هونەرمەندی کورد کە گرنگی بداتە شانۆی جیهانی دەبینین هەر لە زووە هەستیان بەوە کردووە، کە ناکرێت شانۆی کوردی بەبێ شانۆی جیهانی پێشکەش بکرێت، تەنانەت ناکرێت بە دەقی خۆماڵی خۆمان بگەینە ئاستێکی بەرز و جیهانی و شانۆی هەر میللەتێک لەو ڕوانگەیەوە سەیری دەکرێت کە چەند ئاگادارە لە شانۆی جیهانی و چەند لە شانۆی جیهانی دەزانرێت و چەند توانای بەرجەستەکردنی دەقی بیانی لە شانۆی کوردی بەکار دێت، ئەوەی جێگای دلخۆشیەوە هەر لە زووە کورد توانیویەتی ئەدەبیاتی جیهانی بخاتە ناو ئەدەبیاتی کوردیەوە، بۆیە «ئەگەر بە ووردی بڕوانینە شانۆییەکانی شکسپیر و بە دڵنیاییەوە بایەخیان بۆ دابنێین، تێدەگەین کە سەردەمانێک شانۆیەک هەبووە کە لەگەل ژیان لە پێوەندی دابووە» (١) و لەبەر ئەوەی شانۆ کارێکی مرۆڤاتیەو ئەنجامەکە هەر خەڵکە وەک برێخت دەڵێت: «شانۆ خزمەتکاری نوسەر نییە، بەڵکو لە خزمەتی کۆمەڵدایە» (٢).

بە لای ئێمەوە شانۆ پێش ئەوەی لە خزمەتی خەڵک دا بێت ئەوا خودی نووسەر یەکێکە لەو کومەڵە و ئەگەر ١=٢=٣، کەواتە ١=٣ بووە شانۆ لە خزمەتی نووسەر و کومەڵدایە، هەر لەم ڕەوانگەیە دەکرێت بەرەو دەقی بیانی بڕوین و سوودی لێ وەرگرین و زیاتریش بۆ بەکارهێنانی دەقی بیانی لە شانۆی کوردیدا ئامادەکردنی دەقەکەیە، چونکە لەگەڵ ئەوەدا نیم کە چۆن دەقی بیانی نووسراوە ئەوها بێهێنینە سەر دەپێ شانۆیی کوردی، تەنها ئەگەر ئەو شانۆگەریانە نەبن کە هەر بە زمانی دایک لەو کولیژانەی کە بەو زمانە هەیە پێشکەش بکرێت شانوگەریەکانی شکسپیر وەک لە ئەو کولیژانەی کە بە زمانی ئینگلیزی دەخوێندرێت بۆ بەهێزکردنی زمان و شارەزابوون لە زمان کە زمان حاڵی سەرەکی ئارمانجی ئەو

١-شکسپیر، ماکبث، وەرگێران ئیسماعیل ئیسماعیل زادە، گوڤاری شاکار، ژمارە (٢١) سالی ٢٠٠٥، ل١٤.

٢- بورهان قەرەداغی، ڕۆڵی شانۆ لە بنیاتنانی کۆمەڵی مەدەنیدا، گوڤاری شاکار، ژمارە (١٩-٢٠) سالی ٢٠٠٤، ل٣.

شـانۆگـەریانە بن و نموونە ئەو چوارسـاڵە لە كـولیـژی ئادابی زانكۆی دهوك كـارە هەرە مەزنەكانی شكسپیر وەكو هاملت - ماكبث و یولیوس قیصر پێشكەش كرابون، كە ئارمانج پتەوكردنی زمانی ئنگلیزی بوو.

ئەوەی تێبینی دەكرێ بەكارهێنانی دەقی بیانی هەست بەوە دەكرێ كە مۆركی مرۆڤایەتی لەو شانۆگەریانە بەدی دەكرێت و ئەو دەقانەی كە نزیک مرۆڤی كوردن و دەربرین لە ژیانی كورد لە بواری ئابووری و كۆمەلایەتی و رامیاری دەكەن، چونكە «شانۆ لە پێناوی بەها مرۆڤایەتیەكاندا، لە پێناوی چێژ بینن لە ئازادی و چێژ بینن لە جوانی و چێژ بینن لە ئەندێشە و چێژ بینن لە راستی و چێژ بینن لە رۆشنبیری گەشە بە خۆی دەدات» [(١)]، مروڤی كورد هەردەم پێویستی بە ئازادی دەربرین و ڕاستگویی هەبووە.

هەر لەبەر ئەوەی شانۆ «هەڵگری گوتاری مرۆڤدوستانە و ژیان دۆستانەیە، لە هەموو روویەكیشەوە توانای هەیە كاریگەری خۆی دانێت لە رووی وروژاندنی سۆز و خەیاڵ و دواندنی ئارەزو و رەخنەگرتن لە رژێم و سیستەمەكان» [(٢)]، كە ئەمە هەموو لە شانۆی كوردیدا زۆر جار بەدی كراوە، لای هەندێ نووسەری بەناوبانگ بە پێچەوانەی ئەمەی سەرەوە تەماشا دەكرێت هەروەكو «فورخی لوید بورفیس» دەڵێت: «سەرسام دەبم كە پێم دەڵێن ناوبانگێكی جیهانیت هەیە، چونكە زۆر ولاتەكەی خۆمم خۆش ئەوێ و هەمیشە دەبێت لە نووسینەكانما بە شێوەیەكی سەرەكی دەربارەی ئەرجەنتین بدوێم نەک جیهان» [(٣)]، ئەوەی جێگای دڵخوشیە پەنابردنی هونەرمەندانی كوردە بەرەو بەرجەستەكردنی دەقی بیانی لەناو شانۆی كوردیدا، كە تیروانینێكی باشە و ئەگەر مێژووی شانۆی كوردی بخوێنینەوە دەبینن سەدەها دەقی بیانی لەنێو شانۆی كوردی پێشكەشكراون كە سوودیان لە شانۆی جیهانی وەرگرتتووە و دەقەكەیان لە ناو شانۆی كوردیدا بەرجەستەكردوە. «بەستنی پەیوەندی لەتەک شانۆی گەلانی جیهانداو ئاڵ و گۆڕكردنی راو بۆچوون و ئەزموونە شانۆیی، ناردنی هونەرمەندان و میواندارییی هونەری گەلان» [(٤)] و وەرگێڕانی شانۆی جیهانی، كە هەر لە زووەوە هونەرمەندانی كورد بە رێگەی یەكەمی چارەسەركردنی بزووتنەوەی ئەم هونەرە داناوە، كە حەسەن تەنیا لە سەر زمانی فوئاد ئەفەندی دەڵێت: «لە بەغدا شانۆگەریەكمان بەناوی

---

١- بورهان قەرەداغی، رۆلی شانۆ لە بنیاتنانی كۆمەڵی مەدەنیدا، گوڤاری شاكار، ژمارە (١٩-٢٠) سالی ٢٠٠٤، ل٣.

٢- هەمان سەرچاوە، ل٤.

٣- دانا عەلی سەعید، هونەری نووسینی دراما و دەقی شانۆی خومالی، ل ٤٩.

٤- بلاوكراوەكانی پارتی دیموكراتی كوردستان، بنیادنانی شانۆی كوردی، چاپخانا هاوار، دهوک، ١٩٩٦، ل ٤٦.

(لولا المحامی) واتە -ئەگەر پارێزەر نەبوایە- ئێمە هاتین ئەم چیرۆکەمان (تکرید) کرد و ناومان نا (عیلم و جەهل)، کە لە ساڵی ١٩٢٦دا لە سلێمانی و لەسەر سەکۆکەی ماڵی (بەهیەخانی ژنی شێخ مەحمود) و لەبەر رووناکی چرا پێشکەشمان کرد»[١]، هەر لەم روەوە شانۆی کوردی بونی خۆی سەلماند، شانۆی خوماڵی و شانۆی بیانی بەردی بناغەی ئەم هونەرە بوون، هەروەکو (فوئاد ئەفەندی) دەڵێت: لە هەمان ساڵا چیرۆکی «نیرۆن»یشمان لە تیپی «جورج ابیض»ی میسری وەرگرت کە لە سەر شانۆی «سەنترال» لە بەغدا نمایش کرا دوای گورینی بۆ کوردی لە ساڵی ١٩٢٦دا، ئەمە لەلایەن قوتابخانەی (زانستی)یەوە پێشکەش کرا، هەروەها لە «ساڵی ١٩٢٧-١٩٢٨ دا شانۆگەری (یولیۆس قەیسەر) لە سلێمانی پێشکەشکرا»، ئەم هەوڵدانانە بونەتەوە مایەی ئەوە لە «دوای ساڵی پەنجاوە لاوە پێگەیشتووەکانمان دەستیان کرد بە گورینی هەندێ شانۆگەری جیهانی و عەرەبی، بە تایبەتی نوسراوەکانی شکسپیر و یوسف العانی»[٢] پاشان توانرا شانوگەریەکانی بیانی «هاملێت، جەنابی موفەتیش، عوتەییل» پێشکەش بکرێت، بەم شێوەیە شانۆی هونەری کوردی کەوتە ژێر کارتێکرنی دەقی عەرەبیەوە، ئەم کارتێکردنە بوە مایەی گەشەسەندنی شانۆی کوردی و هەست بەوە کرا کە شانۆکەمان لە قەیرانێک دەژیت و پێویستە ئەمە پشتگیری بکرێت، چارەسەریەکەی بەوەش دەبێت کە بۆ جارێکی تر بە خوێندنەوەیەکی تازەی ئەکادیمیانە بچینە سەر دەقە خوماڵیەکان و بەمەش نوسەرانی ئێمە دەتوانن تەکانێک و گەشەپێدانێک بە شانۆ بدەن، گورانیکاریەکی رەگ و ریشەیی دروست بکەن، ئەمەش لە ساڵەکانی پەنجاکانی سەدەی بیستەمەوە دەستپێدەکات و بە قوناغی گەشەسەندنی شانۆی کوردی دادەنرێت بە جورێ قالبی هونەری زاڵ بوو بەسەر قالبە مرودووەکانی پێشو، لە ئەنجامدا قۆناغێکی هونەری تازە دەستی پێکرد.

١- حەسەن تەنیا، شانۆ و شانۆی کوردەواری، کۆماری عیراق، وەزارەتی روشنبیری و راگەیاندن، چاپخانەی (دار افاق عربیە) ١٩٨٤، ل ٥١.

٢- حەسەن تەنیا، شانۆ و شانۆی کوردەواری، کۆماری عیراق، وەزارەتی روشنبیری و راگەیاندن، چاپخانەی (دار افاق عربیە) ١٩٨٤، ل ٥٣، ٥٤، ٦١.